# چەند سەرنجێکی سەرپێیی لەسەر هەڵمەتەکانی دەنگدان

## مەجید دڵنیا

## بەعس وجاخی رۆشنە

بەکارهێنانی منداڵ وەک ریکلامی هەڵبژاردن وسروود وگۆرانی وتن وپیاهەڵدان بە لیستی سەر بە دەسەڵات وهێنانی چەند گۆرانی بێژێک بە تایبەتی گۆرانی بێژانی رۆژهەڵاتی کوردستان وتەرخان کردنی تێکرای دامودەزگا ئیداری وحکومیەکان بۆ ریکلامی دەنگدان بە لیستی دەسەڵات لە هیچ وڵاتێکدا گەر ئەلفوبێیەک لە دیموکراتی تیابێت،شتی وا نەشیاوو نەگونجاوە.ئەمە لە100%رۆژانی بەعسمان دێنێتەوە یاد کە هەموو کون وکەلەبەرێک تەرخان بوو بۆ مەسیرەو بەیعەو مولد القائد وتاسیس الحزب و موناسەباتی تری بەعس، ئەوەی لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا بینیمان، مرۆڤ قێزی دەهاتەوە و شەرمی لە خۆی دەکرد سەیریان بکات.بەو هەڵمەتەدا دیاربوو کە هێشتا بەعس وەجاخی رۆشنە وکوردیش سەلماندی زۆمای ماوە لە دیموکرسی بگات و 50ساڵی ترمان دەوێ تا بتوانین یەکتری قبوڵ بکەین.ئاخر کەی رەوایە منداڵ ودامودەزگای حکومی وئیداری تەرخان بکرێ بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن .ئاخر شاعیری بەهەڵوێست عبدلله پەشێو ناهەقی نییە کە پێیان دەڵێ:لە هەڵسو کەوتانا،لە حیزبتانا،لە پەرلەمانتانا لە..لە..لە..بەعس دەبینم.

### ئەم دەنگدانە چارەنووسسازە

ئەمساڵ ئەمە بۆ سێیەم جارە خەڵکی عێراق و کوردستان ،دەچنەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان..ئەم دەنگدانە چارەنوسسازە، ئەمە باشترین ریکلامە بۆ ئەوەی هانی خەڵکی پێبدەن بۆ ناردنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. سەیرەکە لەوەدایە دەنگدانێک نەبوو چارەنووسساز نەبێت!
کەچی لەبەرنجامی ئەو دەنگدانە چارەنووسسازەدا، کە دایان بۆ دەستوورو لە سایەی سەری ئەو ریکلامە زۆرەی بۆیان کرد، قەراربوو کە زمانی کوردیش وەک عەرەبی، زمانی فەرمی بێت، بەڵام پاسەپۆرتی نوێی عێراقی دەرچووە ، کەچی بۆ خوێی چێشتیش چییە یەک وشە کوردی تیانییە!نەک هەر ئەوە ئێستا بە ئیعتیرافی د.بەرهەم ساڵح حکومەتی عێراق سەرقاڵی دووبارە گەراندنەوەی دامودەزگای ئیستیخباراتی عێراقە بۆ هەرێمی کوردستان.
چونکە بەپێی ئەو دەستورەی کە دەنگتان بۆدا، حکومەتی عێراقی سەلاحیاتی ئەوەی هەیە کە دەزگای ئیستیخباراتی خۆی بۆ دوورترین شوێنی سەر سنوورەکانی عێراق رەوانە بکات بە کوردستانیشەوە.ئەشهەدوو ئێوە رستتان فەرموو ئێمە خائینین، کەواتە بژی دەستوور بۆ دووبارە تەعریب کردنەوەی کوردستان.

### دەنگدان بە لیستی 730دەنگدانە بە گەراندنەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان

بەپێی ئەو دەستوورەی لە 15ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا دەنگتان بۆدا،کەرکوک تا کۆتایی ساڵی 2007دەبێت ئاسایی کرابێتەوە و هیچ کێشەیەک نەمابێت ولەکەرکوکدا لەو کاتەدا مەرو گورگ پێکەوە ئاوبخۆنەوە .لەدوای هەڵبژاردنەکانی سەری ساڵی 2005وەوە بە تایبەتیش ،دوای پەسەند کردنی دەستوور،چ ئاماژەیەکی مۆژدەبەخشتان هەستپێکردووە لە کەرکوکدا لە بەرژەوەندی کورد بێت?.لەوساوە حکومەتی عێراق دەیان بریاری دژ بە کورد دەرکرد بۆ دووبارە تەعریب کردنەوەی کەرکوک و هەوڵی داوە زیاتر رۆڵی کورد لە کەرکوکدا کەم بکرێتەوە.کە دیارە تاسەر سەرکردایەتی کورد ناتوانێ تەدەخول لە کاروباری کەرکوکدا بکات.باشە لەو ماوە کەمەدا ئەو هەموو بریارە لەکەرکوکدا لەدژی کورد دەرچووە،ئەی دەبێ تا کۆتایی ساڵی 2007چی روودات?گوێی شەیتان کەر بێت ،بەڵام کار وابروا تا کۆتایی 2007باوکی ریفراندۆمیش فریای کورکوک ناکەوێت!وابزانم سەرکردایەتی کورد باش دەزانێ کە کەرکوکیان لەدەست چووە بۆیە دەنگدانیان کردووە بە مەهانە تا گەر خەڵکێکی کەم چوون بۆ دەنگدان ئۆباڵەکەی بخەنە سەر ئەستۆی کەرکوکییەکان،بۆیە پێش وەخت بە خیانەتکار تاوانباریان دەکەن.

### لەداخی یەکگرتوو تووشی هستریا بوونە

بەجیابوونەوەی یەکگرتوو ئەم دوو حیزبە تەواو تووشی هستریا بوونە.لە هەموو ڕاگەیاندنەکانییاندا بۆنی خوێنی لێدێت.ئەم هەموو هەراو هوریایە نیشانەی ئەوەیە کە خۆشیان باوەڕیان بە خۆیان نەماوە،تەواو ترسیان لێنیشتووە کە خەڵکێکی کەم دەنگیان پێ بدەن.لە سیاسەتی خشکەیی یەکگرتووش تۆقیون .باشە ئەمانە بەرامبەر یەکگرتوو وا دەکەن ،گەر سبەی بەجیا دابەزین ئەمانە چی بەرامبەر یەکتر دەکەن?ئەم هستریاو هەراوهوریایە ئاماژە گەلێکی خراپن.بۆیە گەر ئەمانە بەم سیاسەت و عەقڵەیاندا نەچنەوە ،دەبێ لەکاتی دابەزینیاندا بە لیستی جیا ، چاوەڕێی مەعرەکەی واترلۆ بکەین .دڵنیام ئەو ڕۆژە کلکی کەری تیا دەپچڕێت!.